
من ڕێگایەکم بۆ
خۆڕزگارکردن لە
هاوسەرگیریی بەزۆر
دۆزییەوە، تۆش دەتوانیت.
one
scotland
SCOTTISH GOVERNMENT

بۆ زۆربەی ئەو کەسانەی کە لە سکۆتلەند دەژین، هاوسەرگیریی هەماهەنگکراو (هاوسەرگیریی ڕێکخراو) دەتوانێت وەکوو بەشێک لە ژیانی ڕۆژانە قەبووڵ بکرێت. بەڵام ئەوەی کە کەسێک بەزۆر ناچار بە هاوسەرگیری لەگەڵ کەسێکدا بکرێت قەبووڵ ناکرێت. جیا لە هەموو ئەم شتانە، هەموو مرۆڤێک مافی ئەوەی هەیە خۆی هاوسەری خۆی هەڵبژێرێت. لە هاوسەرگیریی بەزۆردا هەم پیاوان و هەم ژنان لەوانەیە تووشی دڵەڕاوکێ و خۆ بەکەم زانین ببن. هەندێکی تر ڕووبەڕووی پەلاماری جەستەیی و جنێو دەبنەوە.

لەبەر ئەمەیە کە لە سکۆتلەند یاسا دانراوە بۆ ئەوەی پاراستنی زیاتر بۆ قوربانیانی هاوسەرگیریی بەزۆر دابین بکرێت. ئێستا ئەگەر کەسێک بە زۆر ناچار بکەیت بەپێچەوانەی خواستی خۆی هاوسەرگیری بکات تاوانە، و سزاکەی تا حەوت ساڵ زیندانە. دەکرێت «فەرمانی پاراستن لە هاوسەرگیریی بەزۆر» لە دادگا وەربگیردرێت تاوەکوو ڕێگە بە ئەوە نەدرێت کە کەسێک تۆ ناچار بکات بە پێچەوانەی خواستی خۆت هاوسەرگیری بکەیت.

هەروەها، ئەگەر خۆت، هاوڕێیەکت، یان خزمێکت ڕووبەڕووی هەڕەشەی هاوسەرگیریی بەزۆر دەبێتەوە، دەتوانیت لەگەڵ هەندێ ڕاوێژکاری ڕاهێنراو قسە بکەیت کە پێت دەڵێت دەتوانیت چ کارگەلێک بکەیت. هەروەها ئەگەر بەزۆر بە شوو دراویت یان ژنت خواستووە ئێستایش دەتوانیت لەم ڕاوێژکارانە یارمەتی وەربگریت.

بۆ وەرگرتنی ئامۆژگاری و پاڵپشتی پێوەندی بکە بە ژمارە تەلەفوونی **0800 0271234**. بەخۆڕایی و نهێنیە و 24 کاتژمێری ڕۆژ کراوەیە. بۆ زانیاریی زیاتر سەردانی ماڵپەڕی **onescotland.org/forcedmarriage** بکە.

**سکۆتلەند باوەڕی بە یەکسانیی مرۆڤەکان هەیە.**

one scotland
SCOTTISH GOVERNMENT


من بڕیار دەدەم لەگەڵ
کێ هاوسەرگیری بکەم.
هیچ کەسی تر ئەو
بڕیارە نادات.
one
scotland
SCOTTISH GOVERNMENT

بۆ زۆربەی ئەو کەسانەی کە لە سکۆتلەند دەژین، هاوسەرگیریی هەماهەنگکراو (هاوسەرگیریی ڕێکخراو) دەتوانێت وەکوو بەشێک لە ژیانی ڕۆژانە قەبووڵ بکرێت. بەڵام ئەوەی کە کەسێک بەزۆر ناچار بە هاوسەرگیری لەگەڵ کەسێکدا بکرێت قەبووڵ ناکرێت. جیا لە هەموو ئەم شتانە، هەموو مرۆڤێک مافی ئەوەی هەیە خۆی هاوسەری خۆی هەڵبژێرێت. لە هاوسەرگیریی بەزۆردا هەم پیاوان و هەم ژنان لەوانەیە تووشی دڵەڕاوکێ و خۆ بەکەم زانین ببن. هەندێکی تر ڕووبەڕووی پەلاماری جەستەیی و جنێو دەبنەوە.

لەبەر ئەمەیە کە لە سکۆتلەند یاسا دانراوە بۆ ئەوەی پاراستنی زیاتر بۆ قوربانیانی هاوسەرگیریی بەزۆر دابین بکرێت. ئێستا ئەگەر کەسێک بە زۆر ناچار بکەیت بەپێچەوانەی خواستی خۆی هاوسەرگیری بکات تاوانە، و سزاکەی تا حەوت ساڵ زیندانە. دەکرێت «فەرمانی پاراستن لە هاوسەرگیریی بەزۆر» لە دادگا وەربگیردرێت تاوەکوو ڕێگە بە ئەوە نەدرێت کە کەسێک تۆ ناچار بکات بە پێچەوانەی خواستی خۆت هاوسەرگیری بکەیت.

هەروەها، ئەگەر خۆت، هاوڕێیەکت، یان خزمێکت ڕووبەڕووی هەڕەشەی هاوسەرگیریی بەزۆر دەبێتەوە، دەتوانیت لەگەڵ هەندێ ڕاوێژکاری ڕاهێنراو قسە بکەیت کە پێت دەڵێت دەتوانیت چ کارگەلێک بکەیت. هەروەها ئەگەر بەزۆر بە شوو دراویت یان ژنت خواستووە ئێستایش دەتوانیت لەم ڕاوێژکارانە یارمەتی وەربگریت.

بۆ وەرگرتنی ئامۆژگاری و پاڵپشتی پێوەندی بکە بە ژمارە تەلەفوونی **0800 8010327**.

هێڵەکانی تەلەفوون لە دووشەممە تا هەینی کاتژمێر 9ی بەیانی تا 5ی ئێوارە کراوەن. تەلەفوون لە هێڵی زەمینی و ئەو هێڵانەی مۆبایل کە تۆڕەکانی Virgin ،EE ،Three (3) ،T Mobile ،Orange ،O2 و Vodafone بە کار دەهێنن بە خۆڕاییە.

بۆ زانیاریی زیاتر سەردانی ماڵپەڕی **onescotland.org/forcedmarriage** بکە.

**سکۆتلەند باوەڕی بە یەکسانیی مرۆڤەکان هەیە.**

one scotland
SCOTTISH GOVERNMENT